# کەسێك پێش خەوتن نوێژی ویتری کرد ودواتر پێش نوێژ بەیانی هەستایەوە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

شێخ عبد الكريم الخضير

وەرگێرانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی

ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿من أوتر قبل النوم ثم قام قبل الفجر﴾

« باللغة الكردية »

فضيلة الشيخ عبد الكريم الخضير

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# کەسێك پێش خەوتن نوێژی ویتری کرد ودواتر پێش نوێژ بەیانی هەستایەوە

ئەم پرسیارە لە شێخ عبد الكريم الخضير كرا :

**پرسیار :** کەسێك پێش خەوتن نوێژی ویتری کرد ودواتر پێش نوێژی بەیانی هەستایەوە، ئایا سەرەتا یەك ڕکات بکات تاوەکو ویترەکەی نەهێڵێت وپاشان ویتری کۆتایی شەو بکات ؟

**وەڵام :** هەرکەسێك پێش ئەوەی بخەوێت نوێژ ویتری کرد بەپێی ئەو وەصیەتەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ هەندێك لەهاوەڵە بەڕێزەکانی کردوە، وەك ئەو وەصیەتەی کە بۆ ئەبو هورەیرەی کرد (خوای لێ ڕازی بێت) و پێی فەرموو : " وأن أوتر قبل أنام " واتە : پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەصیەتی بۆ کردم کە پێش ئەوەی بخەوم نوێژی ویتر بکەم .

بەڵام ئەگەر هاتوو بۆی لوا لەکۆتایی شەوەوە خەبەری بوویەوە و هەستایەوە، گومانیشی تێدا نییە کە نوێژی ویترکردن پێش خەوتن بێگومان ترە وتەئکیدترە، بۆ ئەوەی کە ویترەکەی لیێ نەفەوتێت، بەڵام ئەو کەسەی متمانەی بەخۆی هەبوو یان گومانی زیاتری وابوو کە لەکۆتای شەوە وە خەبەری دەبێتەوە ئەوە بێگومان نوێژی ویتر لەسێ یەکی کۆتایی شەوەوە باشترە، کە دەکاتە ئەو کاتەی کە خوای گەورە دادەبزێتە ئاسمانی دونیا، وپێغەمبەری خوداش (صلی الله علیه وسلم) هەمیشە لەم کاتەدا شەو نوێژی دەکرد، بەڵام ئەگەر ئەم کەسە لەو کەسانە بوو کە گومانی زۆری وانەبوو کە لەکۆتای شەوەوە خەبەری دەبێتەوە بۆ شەو نوێژکردن و لەسەرەتای شەوەوە نوێژی ویتری کرد، دواتریش ئەگەر هەستا و بۆی کرا شەو نوێژ بکات، هەندێك لەزانایان ڕایان وایە سەرەتا ویترەکەی بە کردنی ڕکاتێك جووت بکاتەوە وپاشان دەست بکات بە کردنی ویتر، بەڵام ئەم ووتەیە صەحیح نییە، چونکە لەفەرموودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)

فەرموویەتی : " لا وتران في ليلة " واتە : لەشەوێكدا دووجار نوێژی ویتر ناكرێت، كردنەوەی ویتر و هەڵوەشاندنەوەی بەم جۆرە وای لێ دێت كە لەیەك شەودا سێ جار ویتر ئەنجام بدرێت، لەهەمان كاتدا ڕێگری كراوە لە دووجار ویتر كردن، نەفی كردنیش كە لەفەرموودەكەدا هاتووە بەڵگەیە لەسەر نەهی و ڕیگری لێ كردن، بەم پێیە ئەگەر كەسێك لەسەرەتای شەوەوە نوێژی ویتری كرد و دواتریش بۆی كرا لە كۆتای شەوەوە هەستێتەوە بۆ شەو نوێژ كردن ئەوا با دوو ڕكات دوو ڕكات شەو نوێژ بكات هەتا بەیانی و ئەو ویترەیشی كە لەسەرەتاوە كردوویەتی بەسیەتی .

خوای گەورە لەهەمووان زانا و شارەزاترە .

سەرچاوە : بەرنامەی ( نور على الدرب) زنجیرەی سێهەم بەرواری ١٩ / ٨ / ١٤٣١ كۆچی